Rega Sports
ریگا Sports
ژمارە (١٣٨) چوارشەممە ٦/ ١/ ٢٠١٠



# ئارسین ڤینگەر: ڤان پێرسی لەم وەرزەدا یاری پێ ناکرێتەوە و فابریگاسیش ناڕوا، شەماخیش بۆ هاوین مایەوە.

ئارسین ڤینگەری راهێنەری یانەی ئەرسنالْ لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی the sun گوتی: تاکو هاوینی دادێ ناتوانین بۆند لەگەڵ مەروان شەماخ مۆر بکەین، بەڵام ئەوکات دڵنیام شەماخ بەرەو یاریگای ئیمارات دێنم، هەروەها ڤینگەر گوتی: ئەو هەواڵانەی باس لە هاتنی نستەلرۆی دەکەن بۆ ریزی ئەرسنالْ دوورن لەراستیو ئێمە هیچ کاتێك نەمان ویستووە ئەم یاریزانە بهێنینە ریزی یانەکەمان، دەربارەی فابریگاسیش گوتی: من نامەوێ ببمە بەربەست لەبەردەم حەزەکانی فابریگاسدا، بەڵام ئەو چەندین جار ڕاگەیاندووە کە ئەرسنالْ بەجێ ناهێڵێ، کەدواییان دوو ڕۆژ لەمەو بەربوو، لەکۆتایی دیمانەکەدا ڤینگەر لەمەڕ پێکانەکەی ڤان پێرسی گوتی: هیوادارم بەر لەتەواو بوونی یارییەکانی پریمەرلیگ دەست بەیاری کردن بکاتەوە، بەڵام گەشبینیم بتوانێت.

# بێکهام سەرکەتوونەبوو، تائێستاکەش کریستیانۆ نەیتوانیووە خۆی بسەڵمێنێ

# فێرگسۆن: ڕۆنی ناچێتە ریزی ریال مەدرید

دوای ئەوەی ڕۆژنامەی دیلی ستار بڵاوی کردەوە کە واین ڕۆنی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئینگلتەراو یانەی مانچستەر یۆنایتد بەبڕی ٦٠ ملیۆن جونەی ئسترلینی بەرەو ریزی یانەی ریال مەدرید دەچێ، لەم بارەیەوە دوێنێ سێر ئەلێکس فێرگسۆنی ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یۆنایتد بە کەناڵی itv ی ڕاگەیاند کە ئەو هەواڵە دوورە لەراستی، هەروەها فێرگسۆن گوتی: ڕۆنی یاریزانێکی بەتوانایەو مەحاڵە وا بەئاسانی دەستبەرداری بین، لەدرێژەی قسەکانیدا ئەلێکس گوتی: لەگەڵ خۆشەویستم بۆ بێکهام بەڵام نەیتوانی بەم جۆرەی خۆی لەمان یۆنایتد سەلماند ئەواش خۆی لە ریزی ریالدا بسەڵمێنێ، گوتیشی" تائێستاکە کریستیانۆ ئەو یاریزانە لێهاتووەی مان یۆنایتد نییە، بۆیە من بەدووری دەزانم ڕۆنی هەمان هەڵەی ئەم دوو یاریزانە دووبارە بکاتەوە.

## چنار عەبدولقادر:

# هونەر لە وەرزشی دوورخستمەوە

هونەر یەکێکە لەبوارە گرنگەکانی نێو دونیا ،هەر بۆیەش لەکوردستانی ئازیزماندا هونەریش پێشڤەچوونێکی بەرچاوی گرنگی بەخۆوە بینیوە .سەرەڕای ئەمەش زۆربەی هونەرمەندەکانمان لەهەمان کاتدا وەروزش دۆستن ، میوانی ئەمجارەی ڕێگا سپۆرتس خاتوو چنار عەبدولقادر هونەرمەندی شاری کەرکوکەو لەدیمانەیەکی تایبەتدا بۆ ڕێگا سپۆرتس گوتی : من زۆر لەمێژەوە خولیای دونیای هونەر بووم ، هەر بۆ هینانەدی ئەو حەزوو ئارەزووەم ئێستا دەستم بەگوتنی گۆرانی کردووە ولەڕێگەی ئەم هونەرەوە بتوانم خزمەتێکی باری هونەر بکەم ، سەبارەت بەوەرزشیش خاتوو چنار گوتی : هونەر لە وەرزشی دوورخستمەوە و زۆر بە کەمیش وەرزش دەکەم..

ئا: ئەردەلان قادر

## دێتە شوێنی ئینزاگی..

# ئایا دزیکۆ لەم هەفتەیەدا بۆند لەگەڵ میلان مۆر دەکات

ڕۆژنامەی gazzeta dilosport ی ئیتاڵی بڵاویکردەوە کە ئەدین دزیکۆی یاریزانی هەڵبژاردەی بۆسنەو یانەی فۆلفسبۆرگی ئەڵمانی لەچەند ڕۆژی دادێ بە فەرمی بۆند لەگەڵ یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی مۆر دەکات، ڕۆژنامەی ناوبراو بەهای بۆندەکەشی بە ٢٥ ملیۆن یۆرۆ خەملاند، ڕۆژنامەی گازیتا ئەوەشی بڵاوکردەوە کە ئەنشیلۆتی ڕاهێنەری پێشووی میلان پارسالْ لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە میلان بۆند لەگەڵ دزیکۆدا مۆر بکات، ئەگەرنا ئێستاکە ناوبراو لەریزی میلاندابوو، بەڵام ئێستاکە لیۆناردۆی ڕاهێنەری میلان بەپەرۆشە بۆند لەگەڵ دزیکۆدا مۆر بکاتو چاوەروانیش دەکرێ ناوبراو لەهەمان شوێنی ئینزاگیدا یاری بکات، جێی باسە بێجگە لە میلان یانەکانی یۆڤنتوسو ئەرسنالْ هەوڵدەدن ئەم یاریزانە بۆسنیە بەرەو ریزەکانیان ببەن.

## ئەمشەو ئەرسنالْ بەرامبەر بۆلتۆن یاری دەکات..

# لەجەولەی ٢١ ی پریمەرلیگدا یانەکانی لەندەنو لیڤەرپوول ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە

لەکاتژمێر ١٠:٤٥ ی ئەمشەو یانەی ئەرسنالْی لەندەنی میوانداری یانەی بۆلتۆن دەکات، ئەم یارییەش لەمیانی یارییە دواخراوەکانی یانەی ئەرسنالْە ، یاریزانانی ڕاهێنەر ئارسین ڤینگەر هەوڵدەدەن ئەمشەو سێ خاڵی دیکە بخەنە سەر ئەو ٤١ خاڵەی هەیانە، بەمەش پلەی سێیەم بەجێ دەهێڵنو دەچنە شوێنی مانچستەر یۆنایتدو تەنها یەك خاڵیان دەمێنێ بگەنە چێڵسی یەکەمی ڕیزبەندی یانەکانی پریمەرلیگ، لەبەرامبەردا یاریزانانی ڕاهێنەر گاری ئەم سالْ ئاستیان یەکجار خراپەو ئەگەر لەو ئاستەی ئێستایاندا بمێننەوە ئەوا بەدوورنازاندرێ لەوەرزی دادێ یانەکەی ئۆبراینو دیڤیزو ریکاردۆ لەپلە نایابدا نەبینین، نەخاسمە حاڵی حازر لەپلەی ١٨ دانە، ڕۆژی شەممەی دادێش یارییەکانی جەولەی ٢١ ی خولی پلە نایابی ئینگلتەرا ئەنجام دەدرێ، ڕۆژی دواتریش درێژە دەسێنێو لەڕۆژی دووشەممەشدا بە یاری مانچستەر ستیو بلاکبێرن جەولەی ٢١ بەکۆتادێت، لەگرنگترین یارییەکانی ئەم جەولەیەدا یانەی ئەرسنالْ ڕۆژی شەممە لەکاتژمێر ٦ی ئێوارە لە یاریگای ئیمارات ڕووبەڕووی یانەی ئێڤرتۆن دەبێتەوە، کە بەدووەم یانەی شاری لیڤەرپوول دەژمێردرێو ٩ جار بۆتە پاڵەوانی خولی ئینگلتەرا، هەروەها یاری ڕۆژی یەکشەممەی نێوان لیڤەرپوولو تۆتنهامی لەندەنیش بەیەکێ لەیارییە بەهێزەکانی جەولەی ٢١ ی پریمەرلیگ دەژمێردرێ.

## لەمێژوویدا پلەی سێیەم باشترین دەسکەوتیەتی

# ریال مایۆرکا دەبێتە میوانی ریال مەدرید .. بەرشەلۆنەش یارییەکی ئاسان لە چاوەڕوانی دایە

یارییەکانی جەولەی ١٧ ی خولی ئیسپانیا شەممەی دادێ دەست پێدەکات، ڕۆژی دواتریش درێژە دەسێنێ، ڕۆژی شەممە ٣ یاری ئەنجام دەدرێ، کاتژمێر ٨ ی شەو بەلەدوەلید لە یاریگای نیوفو زۆرییلا میوانداری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەکات، لەکاتژمێر ١٠ ی شەویشدا یانەی ئیشبیلیە لەسەر یاریگای ڕامۆن سانشێز ڕووبەڕووی یانەی ڕاسینگ سانتاندێر دەبێتەوە، لەکاتژمێر ١٢ ی شەویشدا یاریگای مادریگال یاری نێوان ڤیاریالی خانە خۆیو ئەلمیریای میوان لەخۆ دەگرێ، ڕۆژی دواتریش ٧ یارییەکی دیکەی لالیگا ئەنجام دەدرێ، لەکاتژمێر ٧ ی ئێوارەداو لە یەك کاتدا ٥ یاری بەرێوە دەچێت، لەکاتژمێر ٩ ی شەویش یانەی ریال مەدرید لە یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ ڕووبەڕووی یانەی ریال مایۆرکا دەبێتەوە، سەرەڕای ئەوەی یانەی مایۆرکا لە ساڵی ١٩١٦ دوە دامەزراوە، بەڵام ئەم یانەیە لەمێژوویدا نەیتوانیوە جامی لالیگا بەرزبکاتەوەو تەنانەت نەیتوانیوە پلەی دووەمیش لەمێژوویدا بەدەست بهێنێ، باشترین دەستکەوتی ریال مایۆرکا لەوەرزی ٢٠٠٠ - ٢٠٠١ بوو کاتێك پلەی سێیەمیان لەریزبەندی یانەکان بۆخۆیان مسۆگەر کرد، ئێستاکەش یانەی ریال مایۆرکا لەپلەی چوارەمی ریزبەندی یانەکانی خولی ئیسپانیا دایە ، لەکاتژمێر ١١ شەویشدا یانەی بەرشەلۆنە دەبێتە میوانی یانەی تینیریفی، ئەم یارییەش لەیاریگای هیلیۆدورو ڕودریگێز بەرێوە دەچێ، تینیریفی بەهەمان شێوەی مایۆرکا نەیتوانیوە لەمێژوویدا جامی لالیگا بەرزبکاتەوە، مێژوو ، ئەزموون ، یاریزانانی لێهاتوو ، هەرهەمووی لە بەرژەوەندی یانەکەی گواردیۆلادایە، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ، لەم یارییەدا دۆڕان بەشی تینیریفی بێت.